## چی ڕوو دەدات؟

ستەر یان پزیشکی خانم ئەم فەحسە ئەنجام دەدات: ئەگەر ستافی خانم لەبەردەست نەبێت، دەتوانیت مەوعیدەکەت بگوازییەوە بۆ بنکەیەکی تر.

سەرەتا، ڕوونی دەکەنەوە کە چی ڕوو دەدات و وەڵامی پرسیارەکانت دەدەنەوە. خزمەتگوزاری وەرگێڕانیش، ئەگەر پێویست بکات، پێشکەش دەکرێت.

نموونەیەکی بچووکی خانەکان لە مەهبەلت بە فڵچەیەکی نەرم کۆدەکرێتەوە

ئەمە لە 5 خولەک کەمتر دەخایەنێت.

ئەگەر پێتخۆش بوو، دەتوانێت لەگەڵ کەسێک بێی.

## چۆن ئەنجام دەدرێت؟

هەموو ئافرەتانی 25 بۆ64 ساڵان هەر 3-5 ساڵ مافی سکرینینگیان هەیە.

ئەگەر بارودۆخی شیاوت هەبێت بۆ ئەم فەحسە، کاتێک کە بۆ یەکەمجار ناوت تۆمار دەکەیت لە عیادەی پزیشکی، مەوعیدی فەحسەکەت بۆ دەردەکرێت.

پاش ئەوە، مەوعیدی سەردانکردنت (هەر 3-5 ساڵ جارێک) بە نامە وەبیر دەهێنرێتەوە.

لە هەندێک شوێن، لەوانەیە داوات لێبکرێت کە لە نۆرینگەی بەبێ مەوعیددا ئامادەبیت، کە ڕێگەت پێدەدات لە هەمان ڕۆژدا، بەبێ مەوعید، سکرینینگ بکەیت.

زیاتر لە 7 کەس لە هەر ١٠ ئافرەت لە ڕۆژئاوای یۆرکشایەر کە بانگ دەکرێن بۆ مەوعیدی سکرنینگ، لەم مەوعیدەدا بەشدار دەبن.

## بۆچی ئەنجام دەدرێت؟

سکرنینگی ملی منداڵدان (فەحسی سمیر) یەکێکە لە باشترین ڕێگەکانی بەرگری لە تووشبوون بە شێرپەنجەی ملی منداڵدان.

ئەم فەحسە دەرفەتی دەستنیشانکردنی نیشانەکانی شێرپەنجە دەڕەخسێنێت لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا و پرۆسەی چارەسەری ئاسان دەکاتەوە.

مەوعیدەکانی سکرنینگ ساڵێ گیانی زیاتر لە 4500 کەسی بەریتانیا ڕزگار دەکات.

ئەگەر شێرپەنجەی منداڵدان لە کاتی خۆیدا دەستنیشان نەکرێت، دەبێتە هۆی نیگەرانی جیدی بۆ خێزانەکەت.

**تەندروستیت مەخە مەترسییەوە.**
**هەر ئێستا بەشدار بکە لە سکرنینگی ملی منداڵداندا.**

West Yorkshire and Harrogate Cancer Alliance



# ڕێنمایی ئاسان

# سکرینینگی شێرپەنجەی ملی منداڵدان

سکرینینگی شێرپەنجە مەترسیدار نیە و بۆ هەموو خەڵکی بەریتانیا بێبەرامبەرە

ڕۆژانە بۆ 12000 کەس لە ئافرەتانی بەریتانیا مەوعیدی سکرینینگ دەردەکرێت

ئەگەر تازە هاتوویەتە ناو بەریتانیا، بۆ بەشداریکردن لە دانیشتنی سکرینینگدا دەتوانیت لە عیادەی پزیشک ناوت تۆمار بکەیت

**KURDISH SORANI**

## یارمەتی و پاڵپشتی

لێرەدا وردەکاری پەیوەندی بەسوود  بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە سکرینینگی ملی منداڵ دەدۆزرێتەوە

### عیادەی پزیشکی گشتی ناوچەیی

ماڵپەڕ: https://www.thewhitehousecentre.org.uk
ئیمەیل:
تەلەفۆن: 0333 043 6243
ناونیشان: Whitehouse Centre, Princess Royal Health Centre, Greenhead Road, Huddersfield, HD1 4EW

### Migration Yorkshire

ماڵپەڕ: migrationyorkshire.org.uk
ئیمەیل: admin@migrationyorkshire.org.uk
تەلەفۆن: 0113 378 8188
ناونیشان: Floor west, Merrion House, 110 Merrion 4 Centre, Leeds, LS2 8LX

### هاوپەیمانی بەرەنگاری لەگەڵ شێرپەنجە لە یۆرک شایەری ڕۆژهەڵات و هارۆگیت:

ماڵپەڕ: canceralliance.wyhpartnership.co.uk
ناونیشان: White Rose House, West Parade, Wakefield, WF1 1LT

### Jo’s Trust:

ماڵپەڕ: www.jostrust.org.uk
ئیمەیل: info@jostrust.org.uk
تەلەفۆن: 0808 802 8000
ناونیشان: Jo’s Cervical Cancer Trust, CAN Mezzanine, 7-14 Great Dover Street, London, SE1 4YR

### خزمەتگوزاری نیشتیمانی تەندروستی:

www.nhs.uk/conditions/cervical-screening

## وەرگرتنەوەی ئەنجامەکە

ئەنجامەکانی فەحسەکە بەگشتی 2 هەفتە پاش دانیشتنی سکرینینگ بە نامە پێت ڕادەگەیێنرێت.

ئەنجامەکانی زۆربەی خەڵک زۆر ئاسایین.

ئەگەر ئەنجامەکانت ئاسایی بن، کێشە نیە و لە ماوەی ٣-٥ ساڵدا بۆ فەحس دوبارە بانگێشت دەکرێیەوە.

ئەگەر هەر شتێکی نائاسایی بدۆزرێتەوە لە ئەنجامەکاندا، داوات لێدەکرێت 1 ساڵی تر بۆ فەحس دوبارە سەردان بکەیەوە، یان مەوعیدێکی بێبەرامبەری نەخۆشخانەت بۆ تۆمار دەکرێت.

پرۆسەکە بۆ هەمووان یەکسانە و ئەنجامەکانت ناخرێتە بەردەستی کەسانی تر.